# تەکنیکی تەوژمی هۆش لە ڕۆمانی (ئەژدیها)دا

**ID No. 4072**

(PP 233 - 245)

https://doi.org/10.21271/zjhs.25.5.16

**میران جەلال محەمەد**

بەشی وەرگێڕان- کۆلێجی زمان / زانکۆی سلێمانی- سلێمانی

Miran.muhammad@univsul.edu.iq

**وەگـــــرتن : 2021/04/27**

**پەسندکردن : 2021/09/19**

**بڵاوکردنەوە : 2021/11/20**

**پوختە**

تەکنیکی (تەوژمی هۆش – تيار الوعي)، کە یەکێکە لەو تەکنیکە نوێ و باوانەی بەرێژەیەکی بەرفراوان پەیوەست بووە بە ڕۆمانی هاوچەرخەوە، بۆ یەکەمجار لەڕێی ڕۆمانی (ئەژدیها)ی (محەمەد موکری)یەوە بەراییەکانی لەڕۆمانی کوردیدا دەرکەوت و لەقاڵبێکی هونەری و کامڵدا بنەماکانی ڕەنگیان پێدرایەوە.

موکری لە ڕۆمانەکەیدا، بەشێوەیەکی هونەری و لەئاستێکی باڵادا تەواوی تایبەتمەندی و بنەماکانی ئەم تەکنیکەی بەرجەستەکردووە و هەر لەسەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەو لەڕێی پێشکەشکردنی دەستپێکێکی پڕ وردەکاری بەپێز بۆ ڕووداوەکان، زەمینەیەکی لەبار دەڕەخسێنێت بۆ شوێنخستنی خوێنەر بەرەو قووڵایی دەقەکە و ڕاپێچکردنی بە ئاراستەی تۆڕی ڕووداوە فرەلایەن و فرە ئاراستەکانی دواتردا. لەڕێی ئاوێتەکردنی تەوەری دووەم و ئاراستە ئەندێشەییەکانی ڕۆمانەکەشەوە، لەقاڵبێکی کامڵدا و هەنگاو هەنگاو ڕێ بۆ پراکتیزەکردنێکی وردی بنەماکانی (تەوژمی هۆش) خۆشدەکات و سەرباری گرنگیدانی تەواو بەڕێڕەوی ڕووداوەکان و پاراستنی بنەمای چێژی دەقەکە، لێزانانەو لەچوارچێوەی تۆڕێکی گێڕانەوەی هونەریدا، لەکۆتاییەکی سەرنجڕاکێشدا، هەردوو ئاراستەی ئەندێشە و واقیع پێکەوە گرێدەدات و لەنێو یەکدا دەیانتوێنێتەوە، ئەم بنەمایەش هۆکارێکی گرنگی بەچێژیی ئەو تەکنیکەیە کە خوێنەر بە تامەزرۆییەوە جێدەهێڵێت و هانیدەدات خۆی بەدوای کۆتا سەرەداوەکاندا بگەڕێت.

ئەم توێژینەوەیەش، هەوڵێکە بۆ تیشکخستنە سەر چۆنیەتی پراکتیزەبوونی بنەماکانی تەکنیکی (تەوژمی هۆش)و لەڕۆمانی (ئەژدیها)دا، سەرەڕای ڕۆڵ و بەهای ئەو دەقە لە ئاشناکردنی یەکێک لە نوێترین و گرنگترین تەکنیکە سەردەمییەکانی ڕۆمان بە ژانری ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا.

**کلیلە وشە:** تەوژمی هۆش، تەکنیک، کاراکتەر، ڕۆمان.

## 1. پێشەکی

بەشێوەیەکی گشتی، توێژەران و ڕەخنەگرانی بواری دەقە گێڕانەوەبەندەکان کۆکن لەسەرئەوەی، ڕۆمان – بەراورد بە ژانرەکانی دیکەی ئەدەب – سروشتێکی نەرمونیانتری هەیە و زیاتر ئامێزی واڵایە بۆ لەخۆگرتنی داهێنراوی نوێی بوارە زانستی و هزری و ئایدۆلۆجییەکانی دیکەی دەرەوەی کایە ئەدەبییەکان و ئاوێتەکردنیان بە تەکنیك و ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی.

یەکێك لەو بوارانەی زۆر بە چڕی پەیوەست بووەتەوە بە ڕۆمانە نوێیەکانەوە و بەقووڵی ڕۆچووەتە نێو بونیادی پەیکەری تێکستەکانیەوە، میتۆدو داهێنراوەکانی بواری زانستی دەروونناسییە، بەجۆرێك ڕێژەیەکی دیاری ڕەخنەگران لەو بڕوایەدان، دەروونناسی و ڕۆمانی نوێ، وەك دوانەیەکی لێکئاوێزراویان لێهاتووە و ئەستەمە بتوانین لەڕۆمانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدە بەدواوە تێکستێك بەدیبکەین، لە ماکەکانی بواری دەروونناسی داماڵرابێت.

یەکێك لەدیارترین ئەو تەکنیکە دەروونییانەش کە لە ڕۆمانەکانی کۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیست بەدواوە بەشێوەیەکی بەردەوام خۆیان نمایش کردووە، بریتین لە (ململانێی جیهانە دەروونییەکانی: ئەو – من – منی باڵا/ ID – Ego – Super Ego)، (تەوژمی هۆش – Stream of Consciousness)، (دوالیزمەبوونی کەسێتی - Schizophrenia)، (خودپەرستی – Narsism)، (ئاڵوودەبووی تابووەکان – Taboo Addiction) و . . تد.

ئەم تــــوێژینەوەیە {ئەزمـــــوونی تەوژمــــی هــــۆش لەڕۆمــــانی کوردیــــدا (ئەژدیهـــا بەنمـــــوونە)}، ئامــــانجی تیشکخستنەســەر شــێوازی ڕەنگــدانەوەی یەکێــك لە تەکنــیکە دەروونناســییەکانە لەڕۆمــانی کوردیــدا، ســەرەڕای چــۆنیەتی بەرجەستەبوون و پراکتیزەکردنی بنەماکانی لە (ئەژدیها)ی ڕۆمانووس (محمد موکری)دا.

توێژینەوەکە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکی تیۆریی و بەشێکی پراکتیکی. لەبەشی یەکەمدا تیشکم خستووەتە سەر ڕەچەڵەکی مێژوویی تەکنیکی (تەوژمی هۆش) لە بواری زانستی دەروونناسیدا، پاشان لە چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی ئەو تەکنیکە لە ڕۆماندا دواوم، سەرەڕای تیشکخستنەسەر تایبەتمەندی وەچەپارەکانی و چۆنیەتی بەرجەستەبوونی لە ڕۆمانی جیهانیدا. بەشی دووەمیشم دابەشکردووە بەسەر دوو پاری سەرەکیدا، لە پاری یەکەمدا کورتەیەکی مێژوویی ژانری ڕۆمانم خستووەتەڕوو لەئەدەبی کوردیدا، پاشان لە هۆکارەکانی درەنگ دەرکەوتنی تەکنیکە نوێیەکانی ئەو ژانرە دواوم، لەکۆتاییشدا بەشێوەیەکی پراکتیکی لە وردەکارییەکانی پراکتیزەبوونی سروشتی تەکنیکەکەم کۆڵیوەتەوە لە (ئەژدیها)دا.

### 2. بنج و ڕەچەڵەک:

لەســەدەی نــۆزدەی دەوڵەمەنــد بە داهێنــانی بــواری دەروونناســیی*، چەنــد زانایــاکی زۆر کــاریگەر دەرکەوتــن و لەڕێــی دامەزرانــدنی ڕێبــاز و تەوژمــی زانســتییەوە ،ڕۆڵــی بەرچاویــان گێــڕا لە بەرەوپێشــبردنی تــوێژینەوە دەروونناســییەکان شــیکارکردنی ڕەهەنــــدە هەســــتی و نەســــتییەکانی مرۆڤــدا، وەک (ئیڤــان پــاڤلۆڤ ١٨٤٩ - ١٩٣٦)ی دامەزرێــنەری ڕێبـــازی (ڕەفـتارگەرایی – Behaviorism) (Clark, 2004, 282)، (ســیگموند فرۆیــد ١٨٥٦ - ١٩٣٩)ی دامەزرێــنەری ڕێبــازی فرۆیــدیزم (Brill, 1938, 3 - 9)، (فیلهــیلم ڤۆنــت، کــارل گۆســتاڤ یۆنــگ، جــۆن واتســن، ب. ســکینەر . . . تــد) و چەنــدین کەســایەتی دیــاری دیــکە. یەکێــك لەو زانایــانەشی ڕۆڵــی بەرچــاوی هەبــوو لەبــواری دەروونناســیدا، زانــای دەروونناســی ئەمەریکــی (ولیــام جەیمـــس 1842 - 1910) بـــوو، کە تـــوێژەران وەک ڕابەر و دامەزرێــــنەری ڕێبـــازی (پراگماتیـــزم - ) (القشـــاعلة، ٢٠٢١، ٢٤)، جەیمــس لەچوارچێــوەی تــوێژینەوە دەروونناســییەکانیدا زاراوەی (تەوژمــی هــۆش - Stream of Consciousness)ی داهێنــا، پەیوەســت بە هەڵســەنگاندن و ڕۆچــوون بە یەکێــك لە تایبەتمەنــدییە ئاکــارییە دەروونییەکــانی مرۆڤــدا، بەرامــبەر ڕووداوو دیاردەکانی دەوروبەری و چۆنیەتی لێتێگەیشتن و هەڵسەنگاندنیان.

جەیمــس دەربــارەی (تەوژمــی هــۆش) دەڵێــت "لەســەرەتای لەدایکبوونمــانەوە ئاشــنادەبین بە جیهــانیکی لێوانلێــو لە شــت و پەیوەنــدی فرەڕەهەنــدی دەوروبەرمــان، لەو ســاتەوە هــۆش بەشــێوەیەکی ســادەی هەســتیی کاردەکــات بــۆ هەڵســەنگاندن و پۆلینکردنیــان، بەڵام هەنــدێکجار ئەم هەســتە بــۆ ئاســتیکی بــاڵای زانســتی بەرزدەبێــتەوە (ئەگەرچــی ئەم ڕاڤــانە بەدەرنــابن لەکەموکــورتیی)" (James, 1890, 494) ، پێیشــی وایە، ئەم سروشــتە مــرۆییە دیــاردەیەکی تــاکلایەنە نیــیەو دەبێــتەوە بە بەشــێك لە ڕایەڵەیەکــی پەیوەنــدی چــڕو پەیوەســت بە تــۆڕێکی پــڕ وردەکــاری، کە لەم خــاڵانەدا کــورتی کردوونەتەوە:

1- هەموو بیرێك مەیلی بەلای ئەوەوەیە ببێتەوە بە بەشێك لە هۆشی کەسی.
2- لەنێو هەموو هۆشێکی کەسیدا بیرەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.
3- بیر، لەنێو هەموو هۆشێکی کەسیدا، بەشێوەیەکی ماقووڵ (دامەزراو) بەردەوامی بەخۆی دەدات.
4- وا خۆی نمایش دەکات، کە بەشێوەیەکی سەربەخۆو خۆپارێز مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکات.
5- پەرۆشــی گرنگیــدانە بە بەشــێك لەو شــتانەو دوورخســتنەوەی ئەوانــی دیــکە، هەروەك چــۆن پێشــوازی لەهەنــدێك دەکات و هەندێکیان ڕەتدەکاتەوە، بەوشەیەك – بەبەردەوامیی. (James, 1890, 495-496)

لەم ڕوانــگەیەوە، یەکەمــین قۆنــاغی هۆشــی مــرۆڤ لە کارلێــك و پەرچەکــرداری هەســتەکانمان پەیوەســت بە دیاردەکــانی دەوروبەرمــانەوە ســەرچاوەدەگرێت، بەجۆرێــك لەســەرەتای تەمەن و قۆنــاغی منــداڵییەوە، بەهــۆی بەرتەســکی و ســنووردارییی جیهــانەکەیەوە، پەیوەســت دەبێــت بە چەنــد بــابەتێکی ســنووورداری ســادەوە، بەڵام بە تێپەڕینــی کــات و تەمەن، بەهــۆی فراوانبــوونی بــازنەی ئەرك و پەیوەنــدییە فــرەلایەن و ئاڵۆزەکــانەوە، لەســایەی ئەزمــوونە کۆمەڵایەتییەکــان و بەریەککەوتنــی لەگەڵ ئەوانــی دیــکەدا، هۆشــی مرۆیــی بەرەو قووڵبــوونەوەو ئــاڵۆزیی هەنگــاو دەنێــت و هاوکــات لەگەڵ باڵاکردنی ئاستی ئاوەزدا، ئەویش پەلوپۆکانی زیاتر تەرز دەدەن و بڵاودەبنەوە.

واتا یادگە و هۆشی مرۆڤ، هاوشێوەی کۆگایەك، دەبێتە خانەخوێی تۆڕێکی فراوان لە هەڵوێست و ئەدگاری فرەلایەن و ڕۆژ دوای ڕۆژ، پاڵ تایبەکەی بەرەو فراوانیی دەچێت، هەتا هزری مرۆڤیش چالاك و لەکاردا بێت، دەروازەی ئەم کۆگایە بە واڵایی دەمێنێتەوە و ئامێز بۆ ئەزموونی نوێ دەکاتەوە.

ئەم کۆگایە لەداهاتوودا و بەتایبەت دوای ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێستێك، ڕووداوێك یان چالاکییەکی هاوشێوە یان نزیك لە ئەزموونە خودییەکان، دەگۆڕێت بە پاشخان و بەپێی ئاستی هۆشاریی ئەو ساتە، ڕێبەریی پەسەندکراوترین پەرچەکرداری ئامادەکراو دەکات بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەر، ئەم تایبەتمەندییەش لای پسپۆڕانی دەروونناسی، لەسەر دوو تەوەر لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت:

- دەرخستنی یان چالاکی ناوەوەی مرۆڤ و بواری کارلێککردنی لەگەڵ جیهانی وروژێنەکانی دەرەوەدا.
- دەرخستنی پەیوەست بوونی گونجاوەکانی رورژاندنی جیهانی دەرەکی بەرامبەر هاوکێشەکانی هەڵچوون لە جیهانی ناوەوە. (حەمەد، ٢٠٠٤، ١٣٤)

ولیام جەیمس و توێژەرانی دەروونناسی دواتریش، بەگشتی ئاگادارمان دەکەنەوە لە تێکەڵکردنی دیاردەی (تەوژمی هۆش) لەگەڵ چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە تایبەتمەندییە دەروونی و چالاکییە ئاوەزییەکانی دیکەی وەك (زیرەکی، یادگە)وە (همفري، 1984، ص 16-18)، لەبەرئەوەی پاڵنەرەکانی پشت بەدیهاتن و سروشت و تایبەتماندییەکانی هەریەکێکیان جیاوازە لەوانی دیکە و مامەڵە لەگەڵ نەکردنیان وەک کایەی دوور لەیەک و سەربەخۆ، لێکەوتەکانی نەرێنین و دەرەنجام و بەرهەمی توێژینەوەکانمان لە بنەما زانستییەکان دووردەخەنەوە.

بۆ نموونە، لەڕوانگەی (ئێدوارد ثۆرندایک)ەوە (زیرەکی – Intelligence) "یەکگرتووەیەکی پێکهاتووە لە کۆمەڵێک توانست و پاڵنەری فرەڕەهەندی ئاوەزیی لە شیکردنەوە و تێگەیشتنی دیاردەکان، وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، دیاریکردنی هەڵبژاردەکان و بەرهەمهێنانی بەرهەمەکان. جێبەجێکردنی هەر کردەیەکی هزریش لەلایەن مرۆڤەوە، دەرەنجامی هەمئاهەنگیکردنێکی ئاڵۆزی دەزگای دەمارەخانەیە بەشێوەیەکی کامڵ" (Thorndike, 1927, 11-12)، (یادگە - Memory)یش "وەک کۆگایەکە لەمێشکدا بۆ تۆمارکردن زانیارییە بەدەستهاتووەکان، بەجفرەکردن، هەڵگرتنی ئەزموونە بەدەستهاتووە هزری و جەستەیی و کەسییەکانی مرۆڤ، بەمەبەستی هێنانەوە پێشچاویان لەکاتی پێویستدا" (Sherwood, 2016, 157-158)، بەڵام (تەوژمی هۆش) کۆیەکی ئاوێتەبووە لە بیر – هزر و هەستی مرۆیی، لە بونیادنانیشیدا، سوود لە یادگە، زیرەکی و توانای ئەندێشەیی مێشک وەردەگرێت. (Anajjar, 2019, 13-14)

### 3. سەرچاوەکانی تەکنیکی تەوژمی هۆش:

ئەو سەرەتایەی ولیام جەیمس دایمەزراند بۆ دیاردەی تەوژمی هۆش، زۆر بە خێرایی بەناو ناوەندی زانستی دەروونناسی و دواتریش بەناو کایە فیکری و هونەرییەکانی دیکەدا بڵاوبووەوە. یەکێك لەو بوارانەشی بەرێژەیەکی بەرچاو پێی کاریگەر بوو و هەرزوو ئاوێتەی بوو، بواری دەقە گێڕانەوەبەندەکان و بەتایبەت ژانری ڕۆمان بوو.

پەیوەست بە ڕەنگدانەوەی خێرای بنەماو تایبەتمەندییەکانی دیاردەی تەوژمی هۆش لەنێو ڕۆمانی ئەوروپیدا، توێژەران زیاد لە تێڕوانینێکیان خستووەتەڕوو، لەدیارترینیان:

1- لەدوای سەرهەڵدانی ژانری ڕۆمانەوە تا سەرەتای سەدەی بیستەم، ڕۆمانی جیهانی زیاتر پابەندبوو بە تۆمارکردن و گێڕانەوەی ڕووداو و دیاردە واقیعییەکانی جیهان و دەستبەرداربوون لەو ڕەوتە و ئەزموونکردنی مەودایەکی نوێ بۆ گێڕانەوە، بیوە پێویستییەکی حەتمی، لەپێناو بەخشینی سیمایەکی نوێ و هاوچەرخ بەو ژانرە، پەسەندترین بوارێکیش لەو ڕوانگەیەوە لەو سەردەمەدا، ئەزموونکردنی ئاراستە دەروونییەکان بوو لە تیشکخستنەسەر ڕەگەزە پێکهینەرەکانی ڕۆمان، وەك (کەسێتی، کات، شوێن و ڕووداوەکان) (Parsons, 2007, 57-59).

2- بەراورد بە چاخ و سەدەکانی پێشوو، سەدەی بیستەم ناسراوە بەوەی سەدەیەکی لێوانلێو بووە بە ڕووداو و دیاردەی سروشت هەژێن، کە دیارترینیان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانی و لێکەوتە فرەڕەهەندەکانیان بوو لەسەر جیهان، بەتایبەت لەڕووەکانی (ڕامیاری، سەربازی، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی و دەروونی)یەوە، لەسەر دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی هەژموونی ڕووداوو کارەساتەکان باڵی بەسەردا کێشابوون

(بەتـایبەت وڵاتـانی ئەوروپـا). ئەم تایبەتمەنـدییەش هەرێزیکـی نـوێ و بەیـاری بـۆ ڕۆمانووسـان فەراهەم کـرد، بـۆ چڕکـردنەوەی سـەرنجیان لەسـەر سروشـت و پەرچەکـردارە دەروونییەکـانی مـرۆڤ و گۆڕینیـان بە هەوێنـی بەرهەمهێنانی ئاراستەیەکی نوێی ڕۆمانووسی. (همفري، 1984، 19-24)

کـارکردن لەسـەر ڕەهەنـدە دەروونییەکـان لە ڕۆمانـدا، بەتەنهـا ڕێکردنێکـی ئاسـایی ڕۆمانووسـان نەبـوو لەگەڵ ڕەوتـی بـاوی سـەردەمدا، بەڵکـو ئامـانجێکی بـاڵاتری لەپشـتەوە بـوو. ڕۆمانووسـان، وەک هەر ڕۆشـنبیرێکی دیـکەی نـاو کـۆمەڵ، هەوڵیانـدەدا ببـنە بەشـدارێکی چـالاکی ئەو بـزوتنەوە هـزری و ئایـدۆلۆجی و ڕۆشـنبیرییەی لە سـەرەتای سـەدەی ڕابـردوو و بەتـایبەت لەنێـوان مـاوەی هەردوو جەنگـی یەکەم و دووەمـی جیهانیـدا بەرپـابوو و بە شـەپۆلی (مـۆدێرنیزم – Modernism) نـاسرا. هۆکـاری سـەرەکی سـەرهەڵدانی ئەو شـەپۆلە فرەڕەهەنـدەش، بێهیـوایی بیریـاران و نووسـەران بـوو لە سـوود و فەڕی ڕێبـاز و میـتۆدە بـاوە هزرییەکـانی پێشـوو بـۆ مرۆڤەیـاتی لەلایەک و ڕزگـارکردنی جیهـان و مـرۆڤ لە چنگی ماتریالیزم (بە واتا فەلسەفییەکەی) لەلایەکی دیکەوە. (المسيري، ٢٠٠٣، ١٦)

لە دیـارترین ئەو ڕۆمانووسـانەی بە بەرهەمهێنـانی زنجیـرە ڕۆمانێـك لەم بـوارەدا ناوبـانگێکی گەورەیـان پەیـداکرد، (جەیمـس جـۆیس ـــ 1882 – 1941)، (مارسـێل پرۆسـت ـــ 1871 – 1944) و (ڤێرجینیـا وۆڵـف ـــ 1882 – 1941)بـوون، کە بەگشـتی تـوێژەران وەك ڕابەرانـی ڕۆمـانی دەروونشـیکاری دەیانناسـێنن و پێیـانوایە شـاکارەکانی ئەم نووسـەرانە نمـوونەی دیـارو بەرجەسـتەن لەپراکتیزەکردنـی بنەمـا سـەرەکییەکانی (تەوژمـی هـۆش)دا. (عبـدالعزيز، 1970، 7-12)

بە نمـوونە (جـۆیس) لە ڕۆمـانی (یولیسـیس 1922)دا، ڕووداوەکـان لە دوو دیـوی ڕووکەشـانە و دەروونیـدا دەچنێـت، بەجۆرێـك دیـوی دەرەوەی ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکە بەنزیکەیـی مـاوەی کەمـتر لە (48) کـاتژمێر دەخـایەنن، بەڵام بەهـۆی ئاراسـتەکردنی ڕووداوەکـان بە دیـوێکی دیـکەی دەروونـی و ڕۆچـوون بەقـووڵایی هۆشـی کەسـێتییەکاندا، چالاکییەکـانی ئەم چەنـد کـاتژمێرە سـنووردارانە بـوونەتە هەوێنـی بەرهەمهێنـانی نـزیکەی (256،200) وشـەو نـزیکەی (803) لاپەڕە، لەبەرئەوەی لەپشـت هەمـوو هەڵسـوکەوتێکی فیـزیکییەوە، جیهانێـك لە تـۆڕی ڕووداوی دەروونـی ئامادەییـان هەیەو ئەو ڕووداوانە بـوونەتە بـزوێنەری سـەرەکی پرۆسـەی گێـڕانەوەی ڕووداوەکـانی نێـو ڕۆمـانەکە. ( Joyce, 2009)

بەهەمانشێوەش، هەریەك لە (مارسێل پرۆست) لە ڕۆمانی (گەڕان بەدوای سەردەمی ونبوودا 1913) و (ڤێرجینیا وۆڵف) بە (خاتوو داڵۆوەی 1925)، دوو شاکاری دیکەیان لەم بوارەدا ئاڤراندو ڕەنگپێدانەوەی تایبەتمەندی (تەوژمی هۆش)یان لەڕۆماندا، لەدیاردەوە کردە مۆدێلێکی باوی نێو ڕۆمانەکانی سەدەی ڕابردووی ئەوروپا.

**4. سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی:**

بەوپێـیەی بەراورد بە مێـژووی سـەرهەڵدانی ڕۆمـانی جیهـانی و تەنـانەت پەیوەسـت ژانرەکـانی دیـکەی ئەدەبـی کـوردییەوە، ڕۆمـانی کـوردی خـاوەنی مێژوویەکـی کـورتەو یەکەمـین بەرایییەکـانی دەرکەوتـی دەگەڕێـتەوە بـۆ ناوەڕاسـتەکانی چـارەکی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو، لەبەرامـبەردا شـیعر و تەنـانەت چیرۆکـی کـوردیش بەهەمـوو جـۆر و بەشـەکانیانەوە، پاڵـتاییەکی گەورەی مێـژووی ئەدەبـی کوردییـان تەنیـوە. ڕۆمـانی کـوردی لە تـاقیکردنەوەو ئەزمـوونکردنی تەکنیـك و تایبەتمەنـدییەکانی ڕۆمـانی نـوێی جیهانیـدا تـاڕادەیەك درەنـگ کەوتـووە، هۆکـاری سـەرەکی ئەم دواکەوتـنەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند لایەنێك، وەك:

1- بەهـۆی چێـژو ویسـتی گشـتی خـوێنەری کـوردەوە، کە خـوێنەرێکی تـاڕادەیەک چەقبەسـتووە و کەمـتر مەیلـی بەلای ئەزمـوونکردنی ژانـر و دەقـی نابـاودا هەیە، نووسـەرانمان زیـاتر بایەخیـان بە شـیعر نووسـین داوە، چـونکە خـوێنەری کـورد بەشـێوەیەکی گشـتی خـوێنەریکی پشـوو درێـژ نیـیەو سـەروکاری لەگەڵ دەقـی تێـراو بە سـۆزو کورتدایە.

2- ئەو ژمـارە کەمەی نووسـەرانمان کە بەدوای ئەزمـوونکردنی هـونەرو ژانـری نوێـدا دەگەڕان، گـران و درەنـگ توانییـان ڕایەڵەیەکـی پەیوەنـدی دروسـتبکەن لەگەڵ ئەدەبـی نـوێی جیهانـدا بەگشـتی و ژانـری نـوێی ڕۆمانـدا بەتـایبەتی، بەهـۆی دەگمەنیـی ئەو سـەرچاوانەی ڕێگەخۆشـکەر بـوون بـۆ ئاشـناکردنی نووسـەرانمان بە بەرهەم و داهێنـانە نوێیەکـان و شـاکارە جیهانییەکـانی نووسـەرانی وەک (سـێرڤانتس، ماکیـاڤیللی، داستایڤسـکی، تۆڵسـتۆی، چـێخەف، گـۆرکی، جەیمـس جـۆیس، مارسـێل پرۆسـت، هەمینگـوەی ... تـد). بـۆ نمـوونە یەکەم تیکسـتی کـوردی

کە نـاوی ڕۆمـانی لێـنراوە، تێکسـتی (نـازدار یـان کچـی کـورد لەلادێ)ی (مـحەمەد عەلـی کـوردی)یە لەسـاڵی (1936)دا (عـارف، 1977، 45-50)، هەروەهـا مێـژووی وەرگێڕانـی یەکەم ڕۆمـانی جیهـانی بـۆ سـەر زمـانی کـوردی دەگەڕێـتەوە بـۆ سـاڵی (1947)، کە تیایـدا نووسـەرانی گۆڤـاری (گەلاوێـژ) ئەرکـی وەرگێـڕانی ڕۆمـانی (دایـك)ی (مەکسیم گۆرکی)یان گرتە ئەستۆ. (بەرزنجی، ١٩٧٨، ٣٨)

لەبەر ئەم دوو هۆکـارە و لەبەرامبەریشـدا بەهـۆی ئەو بـارودۆخەی ڕۆمـانی کـوردی تێـدا سـەریهەڵدا (مـاوەی نێـوان دوو جەنگـی یەکەم و دووەمـی جیهـانی)، کە بـارودۆخ و سـەردەمێکی لێوانلێوبـوو بە ڕووداوو کارەسـاتی گەورەی سیاسـی و سـەربازی لەجیهـان و نـاوچەکەو کوردستانیشـدا، ڕۆمانووسـانی کـورد زیـاتر ویسـتیان بەلای بەهۆکـارکردنی ڕۆمانـدا دەچـوو نەك بەئامانجکردنیـدا، واتـا وەك چـۆن شـیعر بەرەو ڕیالیسـتی بـوون هەنگاوینـاو داخـزایە نێـو بـازنەی دروشـم و بـانگەوازی شۆڕشـگێڕانەوە (قـادر، ٢٠١٠، ١٤٢-١٥٥)، بەهەمانشـێوە ڕۆمـانیش وەك دیـوی دووەمـی ئەو پێـواژۆیە مـامەڵەی لەگەڵـدا دەکـراو کـرایە هۆکـار بـۆ گەیشـتن بەئامـانجێکی دیـکەی دەرەوەی جیهـانی ئەدەب، بەتـایبەت ئامـانجی ڕامیاری و مەسەلە نەتەوایەتییەکان.

لەدیـارترین ئەو تێکسـتانەی لەو مـاوەیەدا بەرهەمهێـنران، (پێشـمەرگە)ی (ڕەحیمـی قـازی)، (ژانی گەل)ی (بـرایم ئەحـمەد) بـوون، کە دوو ڕۆمـانی لێوانلێـون بە ئایـدۆلۆجیای سیاسـی و هەسـتی نەتەوایەتـی. ئەمەش بەڕوونـی لە شـێوازی ناونـانی ڕۆمانەکـانەوە دەسـتپێدەکات، تـا ڕۆچـوون بەنێـو ڕووداوو بەسـەرهاتەکانی نێویـانەوەو نووسـەرانیان دەقەکانیـان بەتەواوی تەرخـانکردووە بـۆ شـیکردنەوەو ڕاڤەکردنـی دۆخـی ئەوکـاتەی کوردسـتان و گرفـتی ناسـنامەی نەتەوایەتـی و کێشـە چارەنووسسـازەکانی دۆزی کـورد، سـەرباری خسـتنەڕووی چەنـد دروشـمێکی شۆڕشـگێڕانەی ڕووپۆشـکراو، بـۆ هانـدانی خوێنەرو ئاراستەکردنی بۆ خەبات و ڕاپەڕین.

بـۆ نمـوونە، (ڕەحیمـی قـازی) ڕۆمـانی (پێشـمەرگە)ی کردبـووە چـاوگی گوزارشـتکردن لە ڕووداوەکـانی (کۆمـاری کوردسـتان) و بـارودۆخی گشـتی کـوردانی ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، کە ئەوکـات بە دۆخێکـی سـەختی سیاسـی، سـەربازی و کۆمەڵایەتیـدا تێـدەپەڕین و هاوزمانەکانمـان لەو پـارچەیەی کوردسـتان، کەوتبـوونە ژێـر گوشـاری چەنـدین بەرداشـی تـاقەتپرووکێن و دژە مـرۆوە (قـازی، ١٩٦٠). نـاوەرۆکی ڕۆمـانی (ژانـی گەل)ی (بـرایم ئەحمەد)یـش شـتێکی ئەوتـۆی لە نمـوونەکەی پێشـوو جیـاواز نەبـوو و تراژیـدیای ژیـانی (جـوامێر) و (کـاڵێ)ی کـردووەتە نمـوونەیەکی بچـووککراوە و لەو ڕەهەنـدەوە دەیەوێـت نەهامەتییەکـانی ژیـانی کـۆی مرۆڤـی کوردمـان بـۆ بخـاتەڕوو، لەسایەی ئەو هەڵسـوکەتە دوژمنکـارانە و مامەڵە نامرۆیی و دیکتاتۆرییانەی داگیرکارانی خاک و نیشتیمانەکەمان بە بەردەوامی بەرامبەرمان دەینوێنن.

لەدوای دەسـتپێکی شـەپۆلی دووەمـی ڕۆمانووسـینی دووەمیشـەوە لەسـەرەتای سـاڵانی هەشـتا بەدواوە، کە چەنـد نووسـەرێکی وەک (مـحەمەد مـوکری، حسـەین عـارف، کـاکە مەم بۆتـانی، نـافع ئـاکرەیی، عەبـدوڵا سـەڕاج، جەمـال شـارباژێڕی) لەدیـارترین ڕابەرانـی بـوون، ئەم ڕەوتە درێـژەی هەبـوو و پابەنـدیی ڕۆمانوسـان بە نـاوەرۆکی شۆڕشـگێڕانە و هەڵکردنـی ئـاڵای پێشـڕەوایەتی نەتەوە و دروشـمە مرۆڤایەتییەکـان لە تێکسـتەکانیاندا، لە دیـارترین سـیماکانی ئەو دەیەیە بـوون. ئەمەش لە ڕۆمانەکـانی وەک (تـوڵە، هەرەس، سـەگوەڕ)ی (مـوکری)، (شـار، هـێلانە)ی (حسـەین عـارف)، (درز)ی (کـاکە مەم بۆتـانی)، (بـوهژین)ی (نـافع ئـاکرەیی)، (کـۆچڕەو، هەڵکشـان بەرەو لـوتکە)ی (عەبـدوڵا سـەڕاج) و (ژوانـگەی هەژان و ژان)ی (جەمال شارباژێڕی)دا ڕەنگیدابووەوە.

سـەرەنجام، کـارکردن لەسـەر ئەم لایەنـانە بەگشـتی ببـوونە هـۆی بەرپـاکردنی لاسـەنگییەك لەنێـوان گرنگیـدان بە پێکـانی ئامـانجە سیاسـی و ئایـدۆلۆجی و نەتەوەییەکـان بەرامـبەر بەهـا و ئاسـتە هونەرییەکـانی نێـو دەقەکـان، لەم ڕوانگەیەشـەوە زەرەرمەنـدی یەکەم لایەنـی هـونەری و تەکنیکەکـانی ڕۆمـان بـوو، لەبەرئەوەی لەو مـاوەیەدا ڕۆمـانی جیهـانی لەئاسـتێکی بـاڵادا بـوو و بەشـێوەیەکی بەردەوام بەرگـی هـونەریی خـۆی نـوێ دەکـردەوە و بەراورد بەژانرەکـانی دیـکەی ئەدەب، توانیبـووی چەنـدین هەنگـاوی گەورە بچێـتە پێشـەوەو ببێـتە پیشـەنگی سـەردەم و سـەدەکەی. (الموسـوي، 1986، 12-13)

ئەگەرچـی ئەم تایبەتمەنـدییە ببـووە سـیمای گشـتی ڕۆمانەکـانی نیـوەی دووەمـی سـەدەی ڕابـردوو، بەڵام لەبەرامـبەردا هەنـدێك لە ڕۆمانووسـان لەپـاڵ ئەو ئامانجـانەدا ئەرکێکـی دیکەشـیان گـرتە ئەسـتۆ، ئەویـش ئەزمـوونکردن و ڕەنگپێـدانەوەی هەنـدێك لە تەکنـیکە نوێیەکـانی ڕۆمـانی جیهـانی بـوو لەنێـو دەقەکانیانـدا، لەدیـارترین ئەو نووسـەرانەش،

(محمد موكری، حسین عارف، كاكە مەم بۆتانی، عەبدوڵا سەراج) بوون. بۆ نموونە (موكری) بۆ یەكەمجار لەڕێگەی ڕۆمانی (ئەژدیها)وە توانی ئاشنامان بكات بە تەكنیكی (تەوژمی هۆش).

ئەم تەكنیكەش لەوكاتەدا بە ڕۆمانی كوردی نامۆ بوو و لە هیچكام لەتێكستە هاوچەرخەكانی و تەنانەت لە ڕۆمانەكانی دیكەی خودی نووسەریشدا (وەک: تۆڵە، هەرەس، سەگوەڕ) بوونیان نەبوو و بۆ ئەو دەمە وەک داهێنانێكی نوێ بوو. ڕەنگە زیادەڕەویش نەبێت ئەگەر بڵێین (موكری) لەڕێگەی ئەم تێكستەیەوە دەروازەیەكی نوێی واڵاكرد بەڕووی تەكنیک و ڕەهەندێكی نوێ لەڕەوتی پرۆژەی ڕۆماننووسینی كوردیدا. لەبەرئەوەی دەركەوتنی ڕۆچوون و ڕاڤە دەروونییەكان لەڕۆمانەكانی ئەو دەمە و پێشتردا، پتر وەک تەرزێكی تێپەڕ یان لەسەر وەستانێكی ئان و ساتی ڕووداو و كەسێتییەكان دەردەكەوتن، وەک پیشاندانی هەستەكانی (ترس، دڵەڕاوكێ، پەشیمانی، تاوان، بێهوودەیی . . تد)، بەڵام (تەوژمی هۆش) لە (ئەژدیها)دا بزوێنەری سەرەكی پەیكەری ڕۆمانەكەیە و وەک تەكنیكێكی بنەڕەتی لە چنینی ڕووداوەكان و بونیادی كەسێتی سەرەكیدا بەكاربراوە.

لەدوای (ئەژدیها)وە، كاركردن لەسەر ڕەهەندی دەروونی كەسێتی و ڕووداوەكانی نێو ڕۆمان بووە بابەتێكی ئاشنا بە ڕۆماننووسان و (حسەین عارف) لە ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێک)دا (عارف، 1990) كە ساڵی (١٩٩٠) بڵاویكردەوە، بەهەمان شێوەی (موكری) ئاراستەی دەروونیی كردە بنەمای سەرەكی پەیكەری ڕۆمانەكەی، بەڵام تەكنیكە پراكتیزەكراوەكەی (ئەندێشەی مرۆڤێک) لە پێشكەشكردن و ڕاڤەكردنی كەسێتی (سەبری – كەسێتی سەرەكی ڕۆمانەكە)دا جیاواز بوو و پتر دەچووەوە سەر شیكاری دەروونیی (فرۆیدیزم)

**4. كاریگەری ڕووداوەكانی شۆڕشی ئەیلولی 1961 لەسەر جێبەجێكردنی یاساكە:**

ڕۆمانی (ئەژدیها) كە (محەمەد موكری) لەساڵی (1982)دا بەرهەمیهێناوە، یەكەمین نۆبەرەی زنجیرە ڕۆمانێكی نووسەرە، كە لەشاخ و لەمیانەی بەشداریكردنی لەشۆڕشدا نووسیونی. لەم ڕۆمانەدا، نووسەر لەپاڵ تۆماركردن و ڕەنگپێدانەوەی باروودۆخی سیاسی و سەربازی ئەوكاتەی باشووری كوردستاندا، گرنگییەكی تەواویشی داوە بە ڕەهەندە هونەرییەكەی ڕۆمانەكەو لەچنین و پیشكەشكردنی ڕەگەزە سەرەكییەكانی وەك (ڕووداو، كات، شوێن و كەسێتی)دا، تەكنیكە نوێ و هاوچەرخەكانی گێڕانەوەی پراكتیزەكردووە.

گرنگیی ئەم تێكستە لەوەدایە، تەكنیكی (تەوژمی هۆش – Stream of Consciousness)ی كردووە بە بزوێنەری سەرەكی ڕووداوەكانی نێو ڕۆمانەكە، كە لەڕێگەیەوە شیكارییەكی وردو قووڵی كردووە بۆ لایەنی دەروونیی كەسێتی سەرەكی ڕۆمانەكە (كەریم) و كۆی پەرچەكردارو هەڵوێستەكانیمان لەو ڕوانگەیەوە بۆ شیتەڵدەكات، بەهۆی گێڕانەوەیەكی پاراو بە وردەكاری ڕووداوە ئانییەكان و بەستنەوەیان بە دیارترین وێستگەكانی ژیان و بەسەرهاتی پێشووی ئەو كەسێتییەشەوە، چۆنیەتی دەركەوتنی سەرەداوەكانی بەدیهاتنی (تەوژمی هۆش) و پاشان باڵكێشانی بەسەر كۆی ڕووداو و هەڵوێستەكانی دواترمان بۆ ڕووندەكاتەوە.

لەسەرەتای پرۆسەی گێڕانەوەدا و بەمەبەستی دروستكردنی پاشخانێكی زانیاری بۆ خوێنەر، گێڕەرەوەی دەرەكی لەچوارچێوەی (تەكنیكی بازنەی كراوە)دا (محمد، 2009، 124)، ئاشنامان دەكات بە زنجیرەیەك ڕووداو و بەسەرهاتی پێشوو و سەردەمی منداڵیی كەسێتی سەرەكی ڕۆمانەكە، بۆ ئاشنابوونمان بەو زەبرە دەروونییانەی ڕووبەڕووی بووەتەوە، پاشان تیگەیشتنمان لە هەڵوێستە ئانییەكانی ئەو كەسێتییەو لەداهاتوویشدا، بونیادنانی بیرۆكەو وێناكردنێكی گشتی سەبارەت بە كۆی دیاردەو بەسەرهاتەكان.

لەدیارترین ئەو وێستگە كارەساتبارانەش كە ڕۆڵیان هەبووە لە بونیادنانی كەسێتی و جیهانبینی (كەریم)دا بۆ ڕووداو و دیاردەكانی داهاتوو و گرفتاربوونی بە تەنگەژە دەروونییەكان:

1- لە تەمەنێكی منداڵییەوە، بەهۆی كۆچی دوایی كتوپڕی باوكیەوە، بێ نازو نەوای باوك دەبێت و ئەركی بژێوی ژیانی خێزانی دەكەوێتە سەرشان "كاتێ كە (سمایل) دەمرێ، كەریم لە پۆلی پێنجی سەرەتایی دەبێت . . بەناچاری دەسبەرداری قوتابخانەی ڕۆژ دەبی، بەشەو دەچێتە قوتابخانەو بە ڕۆژ ئیشەكەی باوكی دەكات" (موكری، 1998، 12)

2- لەهەمانكاتدا هاوسەر و كچی خاوەنكارەكەی دەستدرێژی سێكسی دەكەنەسەر و بەردەوام وەك كەرەستەیەكی دامركاندنەوەی ویستە جەستەییەكانی خۆیان بەكاریدەهێنن "(ئەمنەخان) كەوتە سەر پشت، گوتی: سنگم بشێلە . . . كەریمی گوشییە خۆیەوە، كەریم لەشەرما، زمانی وشك ببو، حەپەسابوو،

(ئەمنەخان) ئەیناڵاند، مارئاسا دەتلایەوە . ." (موکری، 1998، 14)، بەمەش لەتەمەنێکی زووی هەرزەکارییەوە دیدگایەکی ڕەش و نەرێنیی لەدەروون و هزریدا باڵادەکات بەرامبەر پەیوەندییە سۆزداری و جەستەییەکان "گەورەبووم، ژنم خواست، کاری ژن و مێردایەتیم لا ببوە (زبارە!) . . . ژنە ژەمبردەیێك شەرم نەکات؟ . . . کچۆڵە هەرزەیێك بە بازیچەت بزانێ؟ شەرم نەکات و پێشی وابێت بەرانبەرەکەی دەبێ، وەك بەجێهێنانی ئەرك ڕەفتار بکات . . . من دەترسم، ئینسانم، شێرو ورچ و پڵنگ نیم!" (موکری، 1998، 15)

3- لاوازی، بێدەنگی، بێئیرادەیی و بێدەسەڵاتی دایکی لەئاست دڵڕەقی هەژموونی ڕووداوەکانی ڕۆژگاردا بەرامبەر کەسێتیی (کەریم)و گەورەبوون و سەرلێشێوانی لەنێو کۆگاو بازاڕو خاوەنکارە هەلپەرستەکاندا "نە من بۆ تۆ، نە تۆیش بۆ من، جگە لەدەردی سەری بۆ یەکدی هیچی دی نەبووین . . هەر تەنها ڕێکەوتیکی بێ مانایە کە من بوومەتە کوڕی تۆ تۆیش بوویتە دایکی من"(موکری، 1998، 17)

4- دروستکردنی تۆمەتیکی گەورەی ئاکاریی لەلایەن خێزانی خاوەنکارەکەی و ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەشکەنجەو ئازاری جەستەیی، ئەم ڕووداوەش تووشی بێهیوایەکی گەورەی دەکات بەرامبەر کۆی ژیان و چارەنووسی "خواش پشتی تێکردووم، دیارە خوایش پشتو پەنای دەسەڵاتدارانە"(موکری، 1998، 20)

5- سەرەنجامی ئەم ڕووداو و کارەساتانە بە هەڵهاتنی لە ڕاستییە تاڵەکانی ژیان و جێهێشتنی خێزانەکەی (هاوسەرو منداڵەکانی) بۆ چارەنووسێکی نادیار کۆتایی دێت. لەم خاڵەشەوە ڕووداوە سەرەکییەکانی داهاتووی پرۆسەی گێڕانەوەو پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی داهاتووی ڕۆمانەکە دەستپێدەکەن "من ناچارم ناچار . . بە ناچاری بەرەو نادیاری مل دەنێم . . ئێوەش دەسپێرمە چارەنووسی ڕەشی خۆتان . . نا . . نا . . باوەڕناکەم بتوانم ئەمەیان پێ بڵێم، ڕەنگە سبەی ڕۆژ نەتوانم سەیریان بکەم . . ڕەنگە – ئەوسا – ئەوان جورئەت پەیدا بکەن و لەڕوومدا بوەستن و پێم بڵێن: باوکێکی ترسنۆك بوویت"(موکری، 1998، 21)

لەڕووی دەروونناسییەوە، مرۆڤ ئەگەر لەسەرەتای تەمەن و قۆناغە سەرەتاییەکانی گەشەیەوە، ئەزموونی بارودۆخی ئاڵۆزو تاڵی لەو شێوەیە بکات کە گێڕەرەوە پەیوەست بە کەسێتیی سەرەکی ڕۆمانەکە (کەریم) دەیخاتە بەر دیدەی خوێنەر، دەکەوێتە بەر مەترسیی چەند گرفتیکی دەروونی دریژخایەنەوە، بەتایبەت مەسەلەی چەپاندنی ئەدگاری و دیاردەی فرە پەروەردەیی. لەدیارترین دەرەنجامەکانی ئەو دیاردانەش خۆخواردنەوەی کەسەکەو جێگرتنەوەی چالاکی فیزیکی و جەستەییە بە ڕۆچوونە نێو جیهانی ئەندێشە و خۆدانە دەست ڕەهەندە نەستییەکان.

یەکەمین دەرەنجامەکانی کارایی لایەنی نەستیی یان ئەندێشەیی مرۆڤ لەبەرامبەر ئەزموونە خودییەکانی پەیوەست بە ڕووداوەکانی دەوروبەریەوە، بەدیهاتنی دیاردەی (تەوژمی هۆش)ە (همفري، 1986، 24)، لەبەرئەوەی هزر بەرامبەر جیهانی کۆنکرێتی تەواو بێدەرەتان و دەستەوەستان بووە، "لێرەشەوە ڕێککەوتنی دامەزراوەیی و لۆجیکیی بوونی بیرکردنەوەکان کاڵدەبنەوەو سنوورە جیاکارییەکانی نێوان کات و ناوەوەو دەرەوەی هزر بەرەو فەرامۆشیی دەچن". (مجموعة من المؤلفين، 2010، 126)، ئەم جۆرە هەڵوێستەش زۆر بەڕوونیی لە ئاکار و ئەدگارەکانی کەسێتی (کەریم)دا ڕەنگیپێدراوەتەوە، لەبەرئەوەی هەر لەسەرەتای ژیانیەوە، بەردەوام بەرامبەر ڕووداوەکانی دەوروبەری تەواو بێئیرادە و دەسەوەستان بووە، پەیوەست بەو کێشە و قەیرانانەی ڕووبەڕوویان بووەتەوە و لەبری هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان، پەنا دەباتە بەر ڕاکردن و خۆ قوتارکردن.

گێڕەرەوەی (ئەژدیها)، لەچوارچێوەی نزیکەی (600 - 650) وشەدا، کورتەیەکی هەڵهاتن و پاشان گیرسانەوەی (کەریم) لە ناوچەیەکی دوورەدەستی کوردستاندا دەگێڕێتەوە "کەریم، کە شاری جێهیشت چەند ڕۆژی بە پیادەڕەوی گونداوگوندی دەکرد، هیچ مەبەستێکی دیاریکراوی نەبوو – جگە لە خۆ حەشاردان بەولاوە . . . لەبەرئەوەی لە گوندی (گۆڕەشێر) (حەمەکەریم)ی هاوشاری و هاوڕێی بینی (پێڵاوی غەریبیی لەوێدا داکەند)" (موکری، 1998، 23).

لەم سەرەتا نوێیەوە، چۆنیەتی تیکەڵبوونی کەسێتی سەرەکی بە شۆڕش و پاشان ئاشنابوونی بە چیرۆکی ئەفسانەیی (زێڕین) ڕووندەکاتەوە، ئەم ڕووداوانەش دەکاتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ پێشکەشکردنی وردەکارییەکانی ئاوێتەبوونی تەکنیکی (تەوژمی هۆش) بە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەو زاڵبوونی دواتری ئەو تەکنیکە بەسەر کۆی پرۆسەی گێڕانەوەوە "یەکەم شتی کە هەر لەڕۆژی یەکەمی هاتنی کەریم بۆ گوندی (گۆڕەشیر) کە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی، دوو باڵندەی سورکاری بەرزەفڕ بوون (هەڵۆیێك و تەوارێك) . . . لە سێهەم ڕۆژدا (کەریم) چاوی بە

تەوارێكی زەرد كەوت . . . لە خەڵكەكەی بیست كە ناوی (پیرۆز)ە بە (زێڕین) ناوی دەبەن . . . (كەریم) چیرۆك و سەرهاتی باڵندەو دۆڵ و ناوەكانی بیست لە مزگەوتەكەدا" (موكری، 1998، 25 - 26)

ئەو لایەنەی كە دەبێتە فاكتەری سەرەكی پەیوەستبوونی هزرو ئەندێشەی كەسێتی سەرەكی (كەریم) بە چیرۆكە ئەفسانەییەكەوە، نزیكی ڕایەڵەكانی پەیوەندی ناوەرۆك و كەسێتییەكانی چیرۆكەكەیە لە ڕووداو و كارەسات و كەسێتییە ڕاستەقینەكانی ژیانی تایبەتی خودی خۆیەوە، لەبەرئەوەی (پەری) بەردەوام بەركار و پەراوێزی ویستەكانی بەرامبەری بووە و لەتوانایدا نەبووە هەڵوێستی هەبێت بەرامبەر بەو نادادی و مافخواردنانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، لەڕوانگەی (كەریم)یشەوە، ئەم وردەكارییانە تەواو هاوشێوەی ژیان و كولەمەرگییەكانی ژیانی پێشینی خۆین. "(پەری) ناوی، تاقانەی جوتیارێكی نەدار، جوان و ناسك . . . كەمدووی ئەنگێوە دڵی بە (وەلی) ناوێكی هەژارەوە دەبێ . . . ئەو دەمە دوا میری بنەماڵەی (شاماران) – ئەسەدۆڵڵا – حوكمڕانی بوو . . . میر حەز لە (پەری) دەكات (پەری)ش سەری بۆ دانانەوێنێ شوو بە دڵخوازەكەی دەكات"(موكری، 1998، 30-31)

لەپاش ئاماژەدان بەم گرێیەی چیرۆكە ئەفسانەییەكە، گێڕەرەوەی ڕۆمانەكە كردەی گێڕانەوە دەگوێزێتەوە بۆ گێڕەرەوەیەكی ناوەكی و لەزاری ئەوەوە ئاماژە بە كوشتنی (پەری)و كۆرپەكانی دەدات لەلایەن كەسێتی (ئەسەدۆڵڵا)وە، دوای ژەهرخواردكردنی هاوسەرەكەی (وەلی)، ئەوەش بەهۆی ڕەتكردنەوەی داواكانی لەلایەن (پەری)ی و بەرەنگاریی ویستەكانیەوە، كۆتاییش بە هەوڵی بۆ دەستدرێژیكردنە سەری "سەرەتا (میر) بە پاڕانەوە، پاشان بە هەڕەشەكردن ڕوو لە (پەری) دەكات . . . (میر) خەنجەرەكە بە ملی كچۆڵەكەدا دەهێنێ و سەری دەبڕێ . . . (پەری) هەر بێدەنگ بوو . . . (میر) ڕقی گەیشتە پۆپە، پەلاماری كوڕەكەی (پەری)دا بەهەمان دەستوور ئەویشی سەربڕی، خوێنی هەردوو منداڵەكە تیكەڵ بوون (پەری) ئۆفی لەزار نەهاتەدەر . . . (میر) پەلاماری (پەری) دەدات، كەچی وەك (مووی نێو هەویر دێتە دەستی) میر . . . (پەری) پەلاماری خەنجەرەكەی (میر) دەدات، دووجار بۆ میری دادەوەشێنێ . . . (میر) دەستی پەری بە خەنجەرەكەوە دەگرێ، هەر بەدەستی (پەری) خەنجەرەكە دەچەقێنێتە سەر دڵی (پەری)" (موكری، 1998، 28-29)

لەم ساتە بەدواوە، چیرۆكە دەماودەمەكە دەگاتە ئاستی ئەوپەڕی ئەفسانەیی بوون و كاراكتەرەكانی ناوی (میر، پەری، منداڵەكانی پەری) لە سیماكانی مرۆیی دادەماڵرێن و بەوێنەی (پێواژۆكانی دۆنادۆن – مانەوەو جەستە تێپەڕی گیان)، كە زاراوەیەكی ئایدۆلۆجی – ئاینییە و بریتییە لە "بڕوای ئاڵوگۆڕبوونی گیان لەپاش مردن" (شەرەفكەندی، ١٣٨٥، ٣٠٦). ئەم بڕوایە لەچەند ئاینێكی دێرینی جیهاندا بوونی هەیە، وەك (هندۆسی، سیخی، بوزی، جوو، ئاینە یۆنانییە دێرینەكان/ هێلاسییەكان، مایا) (Taliafero & Draper, 2010, 68)، لای ئاینی دێرینی كورد (یارسان)یشدا بەهەمان شێوە بوونی هەیە.

لەدیدی كەسێتی (كەریم)ەوە ئەو كەسێتییانە دەگۆڕڕێن بە چەند كاراكتەرێكی ئەندێشەیی و ئاوێزانی سەرجەم بیركردنەوەو خەیاڵكردنەكانی (كەریم) دەبن، لەوەشەوە كاڵبوونەوەو تاڕاددەیەك نەمانی سنوورەكانی نێوان واقیع و ئەندێشە، دەبنە یەكێك لە بەهێزترین تایبەتمەندییەكانی هەڵسوكەوت و چالاكییەكان. هۆكاری سەرەكیش لەم ڕوانگەیەوە، ئەو شێوەی ژیانە بێهودەیە بوو، كە لەدوای چوونە شاخ و بوونە پێشمەرگە پێیدا تێدەپەڕیو كۆی ڕۆژەكانی بە چاوەڕوانییەكی تاقەتپڕوكێن بەسەر دەبردو هیچ تروسكاییەكی هیوای لە داهاتوویدا بەدی نەدەكرد.

"سێ ڕۆژ بوو (كەریم) خۆی لەنێو مزگەوتی (گۆڕەشێر)دا گرتبووەوە، گەلێ كەسی مانەندی خۆی و غەریبی بینی، لەوێدا بە نیمچە حەپەساوی یەوە چاوەڕێیان دەكرد كە ئێواران، (تەوزیع) بكرێن و كەسێك بیانباتە ماڵێ شێویان دەرخوارد بدات، پاشان بە بەتانییە كۆنێكەوە، جارێكی دی بەرەو مزگەوت، بۆ نووستن بگەڕێنەوە . . . زۆر بوون ئەوانەی (كەریم) ئاسا، بیست و چوار سەعاتی تەمەنیان بەم شێوەیە دابەش ببو"(موكری، 1998، 32)

ئەم بارەی كەسێتی (كەریم) لەسایەی چاوەڕوانی بێكۆتاو ناڕوونی داهاتوودا تێیكەوتووەوە، بەتایبەت كە پێشتر لەكایەیەكی كۆمەڵایەتی (بوونی هاوسەر، منداڵ و دایك)دا بووەو ئێستا بارودۆخەكان تەواو پێچەوانە بوونەتەوە، كاریگەرییەكی گەورەی نەرێنی هەیە لەسەر لایەنی دەروونی و دەبێتە هۆی بەرپابوونی گرفتە دەروونییەكانی وەك (نامۆبوونی كۆمەڵایەتی و بێ دەربەستی - Social alienation and indifference)و (گۆشەگیری – Depression) (Heisler & Kanske, 2014, 85). لەكۆتاییشدا بیتوانایی لە ڕێكخستنی هەست و سۆزو ڕۆچوون بە نێو دەروونیدا، ئەمەش دەبێتە هۆی دابڕانی گەورە لە جیهانی هەستپێكراو و واقیعی و بێتوانایی لە مامەڵەكردن لەگەڵ ڕووداوەكانی دەوروبەردا بەپێی بنەماو پەرچەكرداره ئاوەزمەندەكان.

لەڕووداوەکـــانی داهـــاتووی ڕۆمـــانەکەدا، ئەم تایبەتمەنـــدییانە بەڕوونـــی لە هەڵســـوکەوت و پەرچەکـــردارو خۆخواردنەوەکـانی کەسـێتی (کەریـم)دا ڕەنگیانـداوەتەوەو سروشـت و تایبەتمەنـدییەکانی تەکنیکـی (تەوژمـی هـۆش) دەبێـتە کـۆڵەکەی سـەرەکی چنـین و پێشکەشـکردنی ڕووداوەکـانی دواتـری ڕۆمـانەکە لەلایەن گێـڕەرەوەوە. بەجۆرێـک، کەسـێتییە ئەفسـانەییەکانی نێـو چیـرۆکە دەمـاودەم گێـڕراوەکەی (زێـڕین) لەقـاڵبە ئەندێشـەییەکەیان دەچـنە دەرەوە و هێـدی هێـدی لە دیـد و بینـایی (کەریـم)دا بەرەو ڕاستەقینە بـوون هەنگـاودەنێن "کەریـم جـار جـارێ هەسـتی دەکـرد (یلماز) و (حـاجی ڕەزا) یەک زنجیـرە ماسـولکەو خـوێنن تـێکەڵن بە بە خـوێنەکەی (شـێخە کەوبـاز) و ئەسـەدوڵڵا. (مـوعەزەز) و (ئەمنەخـانیش) ڕەچەڵەکـی کەنیزەکـانی حەرەمخـانەکەی ئەسـەدوڵلان ... بێـدەنگی یەکەی (پەری) هەمـان ئەو میراتـی یە گران بەهایەیە کە (شەرافەت) بووەتە، میراتگری" (موکری، ١٩٩٨، ٤٣)

بەدیهـاتنی ئەم ئـاوێتەبوونەی دوانەی ئەندێشـەو واقیـع لە دیـد و هـزری کەسـێتی سـەرەکی ڕۆمـانەکەدا، بەتـایبەت لەسـایەی ڕووداوە ئاماژەپێـدراوەکەی سـەرەوەدا، واتـا هێنانەوەپێشـچاو و ژیـانەوەی زەبـرە ڕووداوێکـی پێشـین بە کـاریگەری ڕووداو یـان بـارێکی هاوشـێوە لە سـاتێکی ئانیـدا، ڕێـگە خۆشـکەرێکی کـاریگەرە بـۆ هەڵچـوونی تەوژم و شـەپۆلە هۆشـەکی و قووڵەکـانی نـاخ و بەرجەسـتەبوونیان لەچوارچێـوەی تەکنیکـی (تەوژمـی هـۆش - Stream of Consciousness)دا. لەبەرئەوەی کەسـێتی (کەریـم) نەسـتییانە بەراوردی نێـوان دوو تەوەری ڕووداوە خـودییە پێشینەکانی خۆی و بوونیادە سەرەکییەکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکە دەکات و وەک دوالیزمەیەکی لێدانەبڕاو دەیانبینێت.

لەپـاش ئەم دەروازەیەوە، خـۆدانە دەسـت تەوژمە یەکـلەدوای یەک و ڕێژوارەکـانی هـۆش، بەشـێوەیەکی پلەبەنـدانە دەسـتپێدەکات و سـەرەتا لە کـۆمەڵە وێنـاکردنێکی سـادەی پچرپچـڕ و تـێکەڵ بە واقیعەوە خـۆی نمـایش دەکـات "چـل ڕۆژێـکە (کەریـم) . . . هەمـوو بەرەبەیـانێ لە مـزگەوتەوە دێـتە دەرێ، دووربیـنەکەی (حەمەکەریـم) وەردەگـرێ، لەپێشـدا بەچـاوی ڕووتەوە سـەیری ئاسـمان دەکـات، وردە وردە سـەرنجی بەرەو چیـا . . . گەلـێ ڕۆژ بەخـتەوەر دەبـوو (زێڕین)ی دەبینی . . . ئیدی شەو، بە خەون و زیندە خەون دەیدواند"(موکری، ١٩٩٨، ٤٥)

ئەو ململانێـیەی ئـاوەز لەگەڵ تەزووە کـتوپڕو خۆنـوێنە ئەندێشـەییەکاندا دەیانکـات، ئامـانج لێـی هاوسـەنگ هێشـتنەوەی ئاسـایی بـوونی مـرۆییە لە دیـوی دەرەوەی هەڵسـوکەوت و چـالاکییە کۆمەڵاتییەکانـدا، بەڵام بەهێزیـی یـادەوەرییە تاڵەکـان و بـاهۆزی شـەپۆلە یەکـلەدوای یەکەکـانی تەوژمە هۆشـییەکان، نەرێنیـانە کـار بـۆ تێکـدانی ئەو بەرامبەریـیە دەکەن و بەئامـانجی جڵەوکردنـی بـزاوتە هزرییەکـان، تەواو تـین دەسـەنن "زێـڕین گـوێم بـۆ شـل کە . . . بە باڵەکانـت باوەشـێنی ئەو وشـە گڕگرتـووانەم بـکە. . لەدۆزەخـی نـاخمەوە دەردەپەڕن . . . بەرز هەڵفـڕە بەرز، دڵنیـام ئێسـتا دایکم و ژنەکەم و منداڵەکانم، یا لە زیندانن، یابەرەو بیابانەکانی جنووب نەفی کراون"(موکری، ١٩٩٨، ٥٠)

سـەرەتای دروسـتبوونی ناهاوسـەنگی نێـوان واقیـع و ئەندێشـە لە هـزری کەسـێتی سـەرەکی ڕۆمـانەکە و وردە وردە خـۆدانە دەسـت تەوژمە هۆشـییەکانی، لەو سـاتەوە دەسـتپێدەکات، کە گێـڕەرەوە لە کۆتـایی چـارەکی یەکەمـی دەقەکە دەربـارەی گەڕانەکـانی (کەریـم) بـۆ پـێگە و زێـد و سـەرچاوەکانی سەرگوزەشـتەی (زێـڕین) دەیانخـاتەڕوو "بەینـێ بـوو کەریـم بـوە پێشـمەرگە . . . بە سـاڵێ بەشـێکی تەواوی گونـدەکانی (شـێرکوژ)ی بینـی . . ئەمسـەر و ئەوسـەری زنجیـرە چیـای (بەرازگـر) تەتەری چـاپوک، بەمـانگێ ڕۆشـتن . . . کەریـم لە هەر گونـدە و شـتێکی دەبیسـت، لەلای خـۆی تۆمـاری دەکـرد، ڕۆژانەش لە هەر گونـدێک بـا - مـنەی زێڕینـی دەکـرد، گەلـێ جـاریش لە قـوڵایی ئاسـماندا دەیـدۆزی یەوە"(مـوکری، ١٩٩٨، ٧٠)

ئەم لاسـەنگییە بە ئاراسـتەی ئەندێشـەی کەسـێتی سـەرەکی ڕۆمـانەکەدا، لەگەڵ بەرەوپێشـچوونی زیـاتری ڕووداوەکـانی ڕۆمـانەکە، پـتر ڕەنگـدەدەنەوە و سـات لەدوای سـات پاژ ـتایبە پاوانکراوەکـانی ڕووداو و چالاکییەکانیـان فـراوانتر دەکەن. گفتوگۆکـان (Dialogues)، خـۆ دوانـدن (Monologues)، گواسـتنەوەکانی پرۆسـەی گێـڕانەوە بـۆ گێـڕەرەوەی نـاوەکی، بەگشـتی پەیوەسـتی جیهـانێکی نـوێی ئەندێشـەیی دەبـن و کەمـتر سـەروکاریان لەگەڵ ڕووداوە واقیعـی و بەرجەستەکاندا یەکدێتەوە.

بەنمـوونە، لەسـەرەتای یەکەمـین دەرکەوتنەکـانی (تەوژمـی هـۆش)ەوە لە هەڵسـوکەوت و چـالاکییە جەسـتەیی و هزرییەکـانی کەسـێتی سـەرەکی ڕۆمـانەکەدا، دوانـدنەکانی کەسـێتی ئەندێشـەکراوی (زێـڕین) لەلایەن (کەریـم)ەوە تاکلایەنـانەن و جـگە لە نمایشـێکی ئەندێشـەیی (زێـڕین) "بەسـەر لـوتکەی چیـا . . . پێدەشـت . . . نشـێوییەکان"(موکری، ١٩٩٨، ٢٤-٥١)دا، کە زیـاتر نـزیکن لە چـالاکی پەرچەکـردارانە، ڕۆڵێکـی ئەوتـۆی کـاریگەر لە بونیـادی ئەو کەسـێتییەدا

بەرجەستە نابێت، بەڵام لە بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکانی دواتردا، ئەم بارە دەگۆڕرێت و گفتوگۆکان دەبنە دوولایەنە، سەرەتای ئەم کردەیە بە خۆدواندنی (کەریم) دەستپێدەکات، بەڵام لە گۆشەنیگای (زێڕین)ەوە، بەجۆرێک، خوێنەر هەستدەکات پاڵنەر و جڵەوکاری کردەکە (زێڕین)ەو ئەو دەچرپێنێت بەگوێیدا و ئاراستەی دەکات "زێڕین، بمبورە ئەم چەند دەقیقەیە خۆم بدوێنم . . . کەریم ، تۆ بۆ خۆت تاکە کەسی، دژ بە خۆت و هەزار خۆتی دوژمن بە خۆ، بجەنگە و ببە با شاهێدی شکستەکەت"(موکری، ١٩٩٨، ١٧٥-١٧٦)

پاشان، هێدی هێدی بوون و توانستی کەسێتی (زێڕین) تۆختر خۆدەنوێنن و دەرکەوتنە کاریگەرەکانی باڵدەکێشن بەسەر کۆی خەیاڵکردن و ئەندێشەکانی (کەریم)دا، بەجۆرێک کە ڕووداوەکان تەواو قاڵبووی شەپۆلەکانی هۆش دەبن و جیهانە ئەندێشەکراوەکەی هزر تەواو زاڵێتی خۆی بەسەر هاوتا بەرجەستەکەی – جیهانی واقیعیدا دەسەلمێنێت. لەهەناوی هەمان خۆدواندنی پێشووشەوە، کەسێتی (زێڕین) دێتەگۆ و لە خەیاڵدانی (کەریم)ەوە دەڵێت "کەریم بجەنگە، کەسێکی نائاشنا بەخۆتیش پشت و پەناتە، شاهێدی ڕاستگۆیی ئەم جەنگ و شکستەتە، ئەویش کەریمی خۆ مەڵاسداوی نێو کورتەک و شەرواڵەکەتە، دیوی یەکەمی بەزین و دیوی دووەمی سەرکەوتنتە . . . نا . . نا. کەریم تۆ سەرناکەوی تۆ دەمری، دەبیتە خاک، کەریمەکەی دی نامرێت تۆ دەکاتە وڵات"(موکری، ١٩٩٨، 176)

ئەم داهێنان و خوڵقاندنەی کەسێتییەکی نوێ، بەهەمان ناوەوە (کەریم)، بەڵام بە تایبەتمەندییەکی پێچەوانە ئاراستە (Paradox) لە هزری کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەدا، گەیشتنە ترۆپکی دوالیزمە بوونی ( Multi Personality) کەسێتی (کەریم)و لێکترازانی ژیری (schizophrenia) و هۆشیەتی بەرامبەر دیاردە و ڕووداوەکانی دەوروبەری، لەبەرئەوەی پەنابردن بۆ کەسێتی دووەمی ئەندێشەکراو و وێناکردنی وەک فریادڕەسێک لەکاتی گرژیی و تەنگوچەڵەمەدا، خۆقوتارکردنە لەو جیهانە بەرجەستەیەی بەردەوام وەک بەدیهێنەرێکی زۆرداری، ستەم و چەوساندنەوە مامەڵە دەکات و جگە لە خۆخواردنەوە و ڕۆچوون بەنێو دەروونیدا، کەسی تووشبوو بەو گرفتە دەروونییە، دەرەتانێکی دیکەی نابێت بەرامبەری، "ئەم تایبەتمەندی خۆقوتارکردن و دوورەپەرێزییە لە جیهان و بێدەسەڵاتییە بەرامبەر ڕووداوەکانی، زانایانی دەروونناس جەختی لێدەکەنەوەو وەک قۆناغێکی گەشەسەندووی ئەو گرفتە دەروونییە لێی دەڕوانن" (Arieti & Minkowski, 2015, 113-114)

بەمجۆرە، گێڕەرەوە لەکۆتایی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەو دوا وێستگەی پرۆسەی گێڕانەوەدا، گۆشەنیگایەکی فراوانی سینەمایی لە ئەندێشە و شەپۆلە هۆشییەکانی کەسێتی (کەریم)دا پێکدێنێت بەرامبەر کۆی ئەو ڕووداو و دیاردانەی لە هەردوو ئاراستە هەستی و نەستییەکانیدا بەرپابوون. لەم دیمەنەشدا، تایبەتمەندی (تەوژمی هۆش) دەگاتە دوا ترۆپک و باڵ بەسەر کۆی ڕووداوەکاندا دەکێشێت. لەبەرئەوەی گێڕەرەوە پێگەیەکی ئاوێتە لە هەردوو جیهانی بەرجەستە و ئەبستراکت پێکدەهێنێت.

ئەگەرچی لەسەرەتای دیمەنەکەدا، کەسێتی سەرەکی ئامادەییەکی جەستەیی هەیە لەگۆڕەپانێکدا، بەڵام توانستی هێزی ئاوەز بەزوویی بەربەستی کۆنکرێتیبوونی ڕووداوەکان تێدەپەڕێنێت و بوون بەرەو نەست و ئەندێشە وەردەگێڕێت و سەرجەمی ڕووداوەکانی دواتر ڕادەستی لایەنی هزر و هۆشی (کەریم) دەکرێن "نیوەشەوێکی درەنگ . . سێ پەلەوەری (ڕۆشن) لەقوڵایی ئاسمانەوە داکشان . . هەر سێ پەلەوەرەکە لەبەر پێی کەریمدا نیشتنەوە، ناسییەوە (زێڕین و میر و پەریزاد) بوون . . زێڕین . . لەسەر شانی کەریم نیشتەوە . . چنگی لەسەر شانی کەریم گیرکرد . . میریش . . لەسەر دەستی ڕاستی . . پەریزادیش لەسەر دەستی چەپی . . .هەرسێکیان دایانە شەقەی باڵ. بە چاوتروکانێ ئەوەندە بەرزبوونەوە (کەریم) گڵۆپی دەیان شاری بینی . . هەند بەرز بوونەوە، زەوی هەندەی تۆپێ کەوتە بەرچاوی"(موکری، ١٩٩٨، 298)

تێکچڕژانی ڕووداو و دیمەنەکان لەم ئاستەدا ناوەستن، بەڵکو لە ئاڵۆزتربوونیان بەردەوام دەبن، بەجۆرێک کەسێتی (کەریم) وێناکانی ئاوەژوو دەبنەوە و خۆی دەبێتە جێگرەوەی دیوە پێچەوانەکەی خۆی (کەسێتی ئەسەدوڵڵای زۆردار و بکوژی زێڕین) و کەسێتییەکانی (خاوەر و شەرافەت)، (زێوەر و هاوسەرەکەی) تەواو ئاوێتەی یەکدی دەبن و لەیەک بۆتەی نوێی ناموٚدا دەتوێنەوە "کەریم . . سەیری خۆی کرد: بە دەنگێکی بەرزی بێدەنگ، چەند جارێ قیژاندی، خۆی گوێی لە دەنگی خۆی نەبوو کە دەیگوت: - منم ئەسەدوڵڵا . . منم ئەسەد . . منم، ئە، هەر دەبێ من . . . . لە ئاوێنەکەدا دەیبینی چاوانی دوو گەمی شکاون، لەنێو دنیای فرمێسکدا لەتر دەدەن، ئەوەندە سەیری خۆی کرد تا گەمی یە شکاوەکان نوقم بوون"(موکری، ١٩٩٨، 299)

بەم کۆتاییە کراوە و نادیارییەی جیهانی ئەندێشە لەبنەهاتووەکانی کەسێتی (کەریم)، ڕۆماننووس کۆتایی بە پرۆسەی گێڕانەوە دێنێت و خوێنەر لەبەردەم چەندین پرسیار دەربارەی داهاتووی ڕووداوەکان و چارەنووسی (کەریم)دا جێدەهێڵێت. ئەم تەکنیکەش، چێژێکی دیکە بە دەقەکە دەبەخشێت و خوێنەر تامەزرۆی زۆرتر زانین دەکات، هانیدەدات خۆی وێنای سەرەنجام یان چارەنووسێک بکات بۆ دوایەمین هەڵوێست و پەرچەکرداری کەسێتییەکان بەرامبەر ڕووداو و دیاردەکان. (ایکو، 2001، 6).

**8. ئەنجام:**

1- کەمیی ماوەی دەرکەوتنی ژانری ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا، نەبووەتە ڕێگر لەبەردەم گەشەسەندنی خێرا و بەرچاوی ئەو ژانرە و لەڕووی هونەرییەوە ڕۆمانی کوردی ئەزموونی چەندین تەکنیک و بنەمای ڕۆمانی جیهانی کردووە.

2- دەرکەوتنی ڕەهەندی دەروونیی لەڕۆمانی کوردیدا نوێ نییە، بەڵام وەک تەکنیکی سەرەکی، ڕۆمانی (ئەژدیها)، یەکەم تێکستی ڕۆمانی کوردییە، کە بنەمای سەرەکی ڕووداوەکانی لەسەر تەکنیکی (تەوژمی هۆش) دامەزراندووە.

3- ڕۆماننووس سەرکەوتوو بووە لە پراکتیزە کردنی بنەماکانی تەکنیکی (تەژمی هۆش)دا، بەتایبەت لە چۆنیەتی ڕێکخستن و پلەبەندیی ڕووداوە ئەندێشەییەکان و پەرچەکردارە دەروونییەکانی کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکەدا بەرامبەریان.

4- هاوشێوەی بەشێکی دیاری ڕۆمانە کوردییەکانی دیکە، کەسێتی سەرەکی ڕۆمانەکە مرۆڤێکی ئاسایی و زادەی خاکە، ئەوەش ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەچڕکردەوەی هەوڵ و سەرنجەکانی نووسەر بەئاراستەی قوڵتر پراکتیزەکردنی تەکنیکی (تەوژمی هۆش)دا.

5- نووسەر بە کۆتاییەکی کراوە دەروازە بەڕووی ڕووداوەکاندا دادەخات و وەڵامی ئامادە پێشکەشی خوێنەر ناکات پەیوەست بە ئەنجامەانەوە، ئەمەش بەهایەکی دیکە بە تێکستەکە دەبەخشێت، لەبەرئەوەی خوێنەر ناچار دەکات بیربکاتەوە و تێڕابمێنێت.

**9. لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم. بەزمانی کوردی:**

- ئەحمەد، برایم، ژانی گەل (ڕۆمان)، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠
- بەرزنجی، عومەر معروف، لێکۆڵینەوەو بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی، 1925 – 1969، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بغداد، 1978
- حەمەد، یوسف عوسمان، دەروونزانی (وتار، لێکۆڵینەوە، شیکردنەوە)، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٩٩٤
- شاملۆ، سەعید، قوتابخانە و تیۆرەکانی دەروونزانی کەسێتی، و: فرمێسک ڕزگار – سیدۆ داود عەلی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠
- شرفکندی، عبدالرحمن (هژار)، هەنبانە بۆرینە (فرهنگ کوردی - فارسی)، انتشارات صدا و سیما، چاپ پنجم، تهران، 1385
- عارف، حسین، ئەندێشەی مرۆڤێک، مطبعة الأجيال، بغداد، ١٩٩٠
- عارف، حسین، چیرۆکی هونەری ی کوردی، 1925 – 1960، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد، 1977
- قادر، عەباس محمد، ڕیالیزم لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا 1946 - 2970، مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی، 2010
- قازی، ڕەحیمی، پێشمەرگە (ڕۆمان)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠٠٨
- محمەد، میران جەلال، بنیاتی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی باشووری کوردستاندا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩ موکری، محمەد، ئەژدیها (ڕۆمان)، چاپەمەنی زاموا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ١٩٩٨

**دووەم: بەزمانی عەرەبی:**

- ايكو، أمبرطو، ألأثر المفتوح، ت: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ألاذقية ــ سوريا، 2001
- عبدالعزيز، سعد، أعلام الرواية التحليلية، المطبعة الفنية الحديثة، بغداد، 1970
- القشاعلة، بديع عبدالعزيز، مدارس علم النفس، مركز السيكولوجي للنشر الآكتروني، النقب، ٢٠٢١
- مجموعة من المؤلفين، معجم السرديات، دار الفارابي، لبنان، 2010
- المسيري، عبالدوهاب – التريكي، فتحي، الحداثة ومابعد الحداثة، دار الفكر المعاصر، بيروت، 2003
- المنقل، محمد، محاضرات في علم النفس، الطبعة الأولى، دمشق: جامعة دمشق، 2013
- الموسوي، محسن جاسم، عصر الرواية – مقال فى النوع الأدبي، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 1986
- همفری، روبرت، تيار الوعى فى الرواية الحديثة، ت: محمد الربيعى، مكتب الشباب، 1984

**سێیەم: بە زمانی ئینگلیزی:**


- Anajjar, Ayoub, An Account of Elements of Stream of Consciousness and Stylistic Study of "The Death of the Moth" By Virgina Wolf, Université Hassan di Casablanca, 2019
- Arieti, Silvano, Eugène Minkowski, Phenomenological and Psychodynamic Understanding of Schizophrenia, Polish Psychological Bulletin, 2015, Vol: 46
- Brill, A. A, The Basic Writings of Sigmund Freud, the Modern Library, New York, 1938
- Clark, Robert, the Classical Origins of Pavlov's Conditioning, Integrative Psychological and Behavioral Science, University of California, 2004
- https://www.researchgate.net/publication/7472370_The_classical_origins_of_Pavlov's_conditioning
- Heissler, Janine, Philipp Kanske, Sandra Schönfelder, Michèle Wessa, Inefficiency of emotion regulation as vulnerability marker for bipolar disorder: Evidence from healthy individuals with hypomanic personality, Journal of Affective Disorders, 152
- James, William, The Principles of Psychology (Body, Mind + Spirit), Henry Holt and Company, New York, 1890
- Joyce, James, Ulysses, Dover Publications, INC, Mineola, New York, 2009
- Pal, H. R, Theories of Intelligence, Everyman's Science, Vol: XXXIX, No: 3, August – September 2004
- Parsons, Debora, Theorists of the Modernist Novel (James Joyce, Dorothy Richardson, Virginia Woolf), Routledge, London and New York, 2007
- Sherwood, Lawralee, Human Physiology: From Cells to Systems, Ninth Edition, Cengage Learning USA, 2016
- Taliaferro, Charles, Paul Draper Philip, L. Quinn, A Companion to Philosophy of Religion, Second Edition, Blackwell Publishing, Second edition, 2010
- Thorndikem, Edward, Bregman, E. O, the Mesurement of Intelligence, Columbia University Press, 1927

# تقنية تيار الوعي في رواية (أژديها)

**ميران جلال محمد**
جامعة السليمانية/ السليمانية – كلية اللغات – قسم الترجمة
miran.muhammad@univsul.edu.iq

**ملخص**

إن تقنيــة (تيــار الــوعي) التــي تُعَــدّ مــن التقنيــات الحديثــة والســائدة المتعلقــة بنســبة واســعة بالروايــة المعــاصرة، ظهــرَت بوادرُهــا في الرواية الكوردية أول مرة عبر رواية (أژديها ـ التّنّين) لمؤلفها (محمد موكْري) و انعكست مبادئُها فيها في صورة متكاملة و فنية.

إنّ (مــوكري) الــروائي، جسّــد في روايتــه وبصــورة فنيــة ومســتوى رفيــع، خصــائصَ هــذه التقنيــة ومبادئَهــا، وأتــاح أرضــية مناســبة ـ منــذ بدايــة عمليــة السرــد وعــبر تقــديم مقدمــة مشــحونة بالتفاصــيل القيّمــة للأحــداث ـ لإتبَــاعِ القــارئ نحــو أعــماق الــنص و جــرِّهِ باتجــاه شــبكة الأحــداث متعــددة الجوانــب والاتجاهــات، اللاحقــة. ثــم عــبر دمــج الفصــل الثــاني مــع الاتجاهــات الخياليــة للروايــة، في كيــان كامــل و خطــوة تلــو أخــرى يمهــد الطريــق لتطبيــق دقيــق لمبــادئ (تيــار الــوعي)، هــذا فضــلا عــن الاهــتمام الكامــل بمجــرى الأحــداث والحفــاظ عــلى مبــدأ لــذة الــنص ومســتواه الفنــي، هنــاك وعــبر إطــار شــبكة مــن السرــد الفنــي وفي نهايــة عجيبــة، يــربط كــلا مــن الاتجــاه الخيــالي و الــواقعي و يُــذيبهما معــا في بوتقــة واحــدة، وهــذا المبدأ عامل مهم في تذوق هذه التقنية التي تترك القارئ في شوق و تَحُثهُ على أن يبحث هو بنفسه عن نهايات خيوط الأحداث.

وهذه الدراسة، إنما هي محاولة لتسليطِ الضوءِ على تمظهرات وتطبيقات مبادئ تقنية (تيار الوعي) وكيفية تطبيقاتها في رواية (أژديها)، بالإضافة الى إبرازِ دورِ هذا النص و قِيَمتِهِ في تَعَرُّفِ أحد أحدث التقنيات المعاصرة للرواية وأهَمِّهَا، بِفَنّ الرواية في الأدب الكردي.

**الكلمات الدالة:** تيار الوعي، التقنية، الشخصية، الرواية.

# Stream of Consciousness Technique in (Azhdiha) Novel

**Miran Jalal Muhammad**
Department of Translation, College of Language, University of Sulaimany-Sulaimany
Miran.muhammad@univsul.edu.iq

**Abstract**

The (Stream of consciousness) is considered as the most common and novel technique which to a larger extent is concerned with contemporary novel. It was first introduced through the (Ejdîha - Dragon) which belongs to (Muhammad Mukery). Since then, its characteristics have appeared in Kurdish Novel and its principles have been revitalized.

Mukery in his novel embodied the characteristics and principles of this technique artistically and in a quite high level. He initially started narrating the process with a meticulous introduction to the events. He takes the receptors to the deep structure of the text and grabs his attention toward multiplicity of the consecutive events. In terms of the second forum and imagination dimensions of the novel, he gradually and comprehensively prompts to practicing the precise principles of (Stream of consciousness) in addition to paying a special attention to the sequences of the events and maintaining the elements of the text flavor. He, wisely in the frame of network narrating and in an interesting conclusion, joins both the imagination and the reality together and melts them with each other. The main significant reason of this favorable technique is that it leaves the receptors with eager and encourages him/her to interpret the events to reach a proper conclusion by themselves.

This research is an attempt to highlight on the way of practicing the principle of the (Stram of consciousness) technique in the novel of (Dragon). It also introduces the role and value of the text to familiarize the most important and contemporary techniques of the novel with the genre of novel in Kurdish literature.

**Keywords:** Stream of Consciousness, Technique, Character, Novel.